## ئایە هۆی ئاهەنگ گێرانمان بۆ هەڵکەوتووە؟؟

میرزا نامۆ

هەرکاتێک کە سەرکردەکانی کورد کۆدەبنەوە و بەڵێنی پەیوەندییەکی باشتر لە داهاتویاندا دەدەن بە جەماوەر، خەڵک بەشادییەوە دەکەونە ئاهەنگ گێران و بەتەواوەتیش لە بیریان دەچێتەوە کە:

• هۆی ئاڵۆزییەکان چی بوون؟
• ئەو لایەنانە چۆن ڕووبەڕووی ئاڵۆزییەکان بونەوە؟
• ئایە ئەو لایەنانە ئەوەی لە دەستیان دەهات کردیان تا پێش بە ئاڵۆزییوکان بگرن، وە یان لە کاتێکی گونجاودا چارەسەریان بکەن؟
• ئایە هۆی ئاڵۆزییەکان جیاوازی ڕێباز بوون، گرنگ بوون بۆ کێشەی نەتەوایەتیمان، یان تەنها کێشەی تایبەت بە لایەنەکان خۆیان بوون؟
• ئایە لە بواری دژایەتیەکاندا پێشێلی مافەکانی مرۆڤ کران، ئەگەر ئا ئەو پێشێلیانە چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت؟

چی گارانتییەک دراوە کە ئەو ڕوداوانە دووپات نەبنەوە؟ •

بێگومان ئەم دیاردەیە نابێت وەک نیشانەی ساویلکەیی کورد یان کورت بیریی گەلەکەمان تەماشای بکرێت. ئەم دیاردەیە تەنها ئەوە دەسەلمێنێت کە گەلی کورد زۆر بەپەرۆشن بۆ ئاشتی ناوخۆ و گیانێکی لێبوردنی زۆریان تێدایە.

بە بڕوای من سەرکردەکانی کورد زۆر جار سودیان لەم دڵپاکییەی گەلی کورد بینیوە بێ ئەوەی دانبنێن بەو تاوانانەدا کە لەکاتی دژایەتییەکانیاندا بەرامبەر بە گەلەکەمان ئەنجامیان داوە یان هیچ نەبێت داوای لێبوردن لە خەڵک بکەن بۆ ئەنجام دانی ئەو تاوانانە.

بەم دوایانەش بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی لەگەڵ یەکدا کۆ بونەوە و مژدەی هەنگاوێکی تری زۆر گەورەیان دا بە جەماوەری کورد لە مەڕ ئەو پرۆسەی ئاشتییەی کە چەند ساڵێکە بیری لێ دەکەنەوە بەڵام تا ئێستاش جێبەجێی ناکەن. ئەو پرۆسەی ئاشتییەی کە بۆ کۆتای هێنان بە شەڕە خوێناویەکانی نێوان **پدک** و **ینک** هاتە کایەوە کە لە ناسکترین هەلومەرجی کوردوستانی باشوردا هەڵگیرسێنران و بۆ چەند ساڵێک زیانێکی هێجگار گەورەیان دا لە بزاڤی ڕزگاری خوازی گەلی کورد.

**ئایە هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر بە بەرنامەی داهاتوی دوو حیزبە سەرەکییەکەی کوردوستان دەبێت چۆن بێت؟**

لەگەڵ ئەوەشدا کە جەماوەری کورد دڵشادن بە کۆبونەوەکەی بەڕێزان بارزانی و تاڵەبانی و گەش بینن بەو بەیانەی کە لەدوای کۆبونەوەکە دەرکرا. لەوەش ئەچێت کە زۆر ڕۆشنبیری کوردیش هەمان هەستی جەماوەریان هەیە و دەستی ڕەزامەندی ئەهێنن بە شانی سەرکردەکاندا بۆ ئەو هەنگاوە گرنگەی کە ناویانە، بەڵام من کە لە مێژووی ئەو دوو حیزبە وورد دەبمەوە هێندە گەش بین نیم بەو ڕەداوە چونکە ئەوەی کراوە لە مەڕ پرۆسەی ئاشاتی زۆر کەمە و ئەگەر هەلومەرجی سیاسی ئێستای کوردوستانی باشور لەبەر چاو بگرین ڕەنگە زۆر درەنگیش بێت.

زۆر کەمە چونکە پرۆسەی ئاشتی لە نێوان ئەو دوو پارتەدا هیچ پەیوەندیەکی بە کێشە سیاسی و ئابورییە سەرەکییەکانی کوردوستانەوە نییە. واتە ئەگەر **پدک** و **ینک** تفەنگ بەیەکەوە نەنێن ئەوە زۆر دڵخۆشکەرە بەڵام ئەوە تەنها ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو دوو پارتە توانیوانە دەستەڵات لە نێوان خۆیاندا



www.kurdistannet.org

بەش بکەن و بەردەوامییش بدەن بەو سەرکردایەتی کردنە کۆنباوەی کە لە بزاڤی ڕزگاری خوازی کورددیدا چەندین جار سەلمێندراوە کە کاریگەر نییە و پێویستی بە گۆڕانێکی بنەڕەتی هەیە تا بۆ کوردی بڕەخسێنێت کە کۆتایی بە ژێردەستەیی بهێنن و دەستەڵات بگرنە دەستی خۆیان.

لە چەند نوسیندا من بیر و ڕای خۆم لە مەڕ ئەو گۆڕانکاریە بنەڕەتیانە دەربڕیوە کە بە بڕوای من زۆر گرنگن بۆ لەناوبردنی کێشە ناوخۆییەکانی کوردوستان ئەویش لە ڕێی دامەزراندنی دەزگایەکی سیاسی هاوچەرخەوە کە بتوانێت ئەو کێشە ناوخۆییانە بۆ دواجار بنەبڕ بکات تا ئێمە بتوانین هەموو توانامان تەرخانی ڕووبەڕوو بوونەوەی دوژمنانی کوردوستان بکەین. پوختەی پێشنیارەکانی منیش لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا گەلاڵە دەکرێن:

- سەرکردەیەکی بێ لایەن و هەڵبژێردراو بۆ ناوچەی کوردوستان
- دەستورێک بۆ کوردوستان کە بە ڕیفراندۆمێک بکرێت بە یاسا
- سوپایەکی نەتەوەیی کە لە ژێر فەرماندەیی سەرکردە هەڵبژێردراوەکەدا دەبێت.
- دەزگایەکی بڵاوکردنەوەی نەتەوەیی
- دادگایەکی دەستوریی

▫ دەستوری کوردوستان دەبێت تاقمی چەکدار لە ناوچەکەدا قەدەغە بکات

▫ دەستوری کوردوستان دەبێت دەزگای پڕوپاگەندەی حیزبەکان قەدەغە بکات ▫ دەستوری کوردوستان دەبێت ڕێککەوتنی نهێنی حیزبەکان و وڵاتانی دراوسێ قەدەغە بکات

یەکێ لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی هەر هەنگاوێکی سیاسی کاتی گونجاوە بۆ هەنگاوە. بە فیرۆدانی چەندین ساڵ لە شەڕی ناوخۆی کوردوستاندا ئەوە دەسەلمێنێت کە سەرکردەکانی کورد لە گرنگی کات نەگەیشتون. ئەم نەهامەتییەش ڕەنگە کوردی خستبێتە هەلومەرجێکەوە کە نەتوانن وە خۆ کەونەوە و لە کاتی پێویستدا بەسەر ئەو نەهامەتیانەدا زاڵ ببن. واتە ئەگەر سەرکردەکانی کورد لەمە بەدووا هەولیش بدەن تەنها هەنگاوی ڕاست و باشیش بنێن، هێشتا ڕەنگە لەبەر نالەباری کات بۆیان نەلوێت کە هێزەکانی کورد بە شێوەیەکی کاریگەریانە ڕێک بخەن. چونکە ئێمە کە دەڵێین هێزەکانی کورد ڕێک بخرێ ئەمەکارێکی هەروا ئاسان نییە و دەبێت بەسەر چەند کۆسپێکی زۆر سەختدا زاڵ بین. کۆسپی وەک: هەلومەرجی نالەباری سیاسی ناوچەکە، کەم تفاقی و کەم ئەزمونی هێزە کوردییەکان، کەم تەرخەمی خۆرئاوا و نەتەوە یەک گرتووەکان بۆ یارمەتی دانی کوردەکان. واتە دەرفەتێکی چەند ساڵی پێویستە تا کورد بتوانن نێومالّی خۆیان بەتەوەواوەتی ڕێک بخەن، بەڵام ڕەنگە دەرفەتێکی ئەوەندە درێژ بە کورد نەدرێت تا خۆی ئامادە بکات.

بێگومان باشترین چارەسەر پلانێکی خۆماڵییە یان بۆ لادانی ڕژێمی عراق، وە یان بۆ ئازاد کردنی ئەو بەشەی کوردوستان کە هێشتا لە ژێر دەستەڵاتی ڕژێمی عراقدایە وە ڕاگەیاندنی ئازادی کوردوستان بە یەک لایەنە، بەڵام ئەگەر ئێمە واقیع بینانە بڕوانینە توانای ئەو چەند دەرزەنە هێزە چەکدارانەی ناو کوردوستان کە هەرکامیان بۆ خۆی کوێخایەکە و چییان پێ باشبێت ئەوە دەکەن، ئەوا بۆمان ڕون دەبێتەوە کە کارێکی ئەوتۆ نەک لە توانای هیچکام لەو هێزە بچوکانەدا نییە، بەڵکو ئەو کارە هەرگیز لە بەرنامەی هیچکامیشیاندا نەبووە. کەواتە پلانی خۆماڵی لە لایەن ئەو هێزە شل و شێواو و کەم تفاق و کەم مەشقانەی کوردوستانەوە پێشبینی سەرکەوتنی لێ ناکرێت ئەگەر پاڵپشتی پتەوی دەرەکی نەبێت. هەتا لە هەلومەرجێکی واشدا ئەگەر هێزی بیانی لە ماوەیەکی کورتدا دەست بکەن بە گۆڕینی ڕژێمی عراق، ئەوا هێزە کوردییەکان هەتا ئەگەر ئاژاوەش لە نێوانیاندا دروست نەبێت ڕەنگە ئەو ئامادەییەیان نەبێت کە بتوانن بەشی ڕەوای کورد لە خاکی عراق بۆ کوردەکان بپچڕن و ئامادەش بن

بپارێزن ئەگەر لە دوای گۆڕینی ڕژێم کەوتنە مەترسییەوە چی بە هۆی ئاڵۆزی ناوخۆی عراقەوە وەیان بە هۆی ئاڵۆزی ناوچەکەوە.

بۆیە من لێرەدا دەمەوێت بڵێم ئەگەر **پدک و ینک** دیسانەوە بە نەرێتێکی عەشایەریانە ئاشتبنەوە و یەکتری بە برایانی پارتی و یەکێتی ناو بەرن لەباتی جاش و خیانەت کار، ئێمە لە ڕاستیدا هێشتا هۆی تەواوەتیمان بۆ ئاهەنگ گێڕان بۆ نەڕەخساوە چونکە ئەوە تەنها دەمانباتەوە سەری دێڕ.

بەهەرحاڵ ئەو دوو پارتە هێشتا زۆرینەی خەڵکی کوردوستانیان لە پشتە و کردارەکانیان چارەنوس و دواڕۆژی کوردوستانی باشور دیاری دەکەن، بۆیە ئەرکی ڕەوەشتیی هەموو ڕۆشن بیرێکی کوردە کە ئەو دوو پارتە هانبدەن و فشاری زیاتریان بۆ بهێنن تا واز لە سیاسەتە کۆنەکانیان بهێنن و سیستەمێکی سیاسی هاوچەرخ لە کوردوستاندا دابمەزرێنن بۆ ئەوەی ئەگەری ئازاد بونمان زیاتر ببێت.

من لەو بڕوایەدام کە گەورەترین ئاستەنگ بۆ کورد کێشە سیاسی و خێڵەکیەکانی ناو خۆیەتی. کاتێک کە ئێمە بەسەر ئەو ئاستەنگە کۆن و دوویپات بووانەوەدا زاڵ ببین، ئازادی و گەشەکردن لە کوردوستاندا وەدی دێن.

کۆتایی

September 23، 2002



www.kurdistannet.org